**بە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان**
**بە نـاوی گەلـــەوە**
**ئەنجـومەنی نیشتمانیی كوردســتانی عێـراق**
**ژمارەی بـڕیــار : ٣٢**
**رۆژی بـڕیــار : ٢٠٠٣/٢/٦**

**" بـڕیــار "**

پشت بـە حوكمـەكانی برگـە (١)ی مـاددەی (٥٦) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هـەمواركراوی سـاڵی (١٩٩٢) و، لەسـەر داوای ئەنجومـەنی وەزیـران، ئەنجومـەنی نیـشتمانیی كوردسـتانی عێـراق لـە دانیشتنی رۆژی (٢٠٠٣/٢/٦)یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە دەدرێن بە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران:

**یەكـــەم :** چاوپێخـشاندنەوە بـە كـەم كردنـەوە یـان زیـادكردنی كرێـی ئـەو موڵكانـەی كـە لـە چوارچێوەی سنووری شارەوانییەكاندا بەكرێ دراون، بـە جـۆرێكی ئـەوتۆ كـە لەگـەڵ بـارودۆخی ئابووریی هەرێمدا بگونجێ.

**دووەم :** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوكمەكانی ئەم بڕیارە بخاتە بەركار.

**سـێیەم :** هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم بڕیارە بێت ناخرێتە بەركار.

**چـــــوارەم :** ئـــەم بڕیـــارە لـــە رۆژی دەرهێنانییـــەوە دەخرێتـــە بـــەركارو لـــە(وەقـــایعی كوردستان)دابڵاودەكرێتەوە.

**د.كمـال عبـدالكریم فـؤاد**
**سـەرۆكی ئەنجـومەنی نیشتمانی كوردستانی عێـراق**

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com